ڕێنوێنی بۆ نووسینی کوردی بە پی سی و ناردنی بۆ سایت

ئەو کەسانەی کە بابەت یان هەواڵ دەنووسن و بۆ سایت دەینێرن، ئەگەر نووسینەکەیان بە شێوەیەکی سادە و بێ هەڵە بنووسن ئەرکی ئێمە وەک بەڕیوەبەرانی سایت زۆر کەم دەکاتەوە و بابەتەکانی دۆستانیش کەم و کوڕی تێناکەوێت، بۆ ئەوەی هەموومان لە کارەکانمان دا سەرکەوتوو بین پێویستیمان بە هاوکاری یەکتر هەیە و دەبێ هەوڵ بدەین ئەرکی زیادتر نەخەیەنە سەر لایەنی بەرامبەر.

من کە ماوەی چەندساڵیکە خاوەنی سایتی پێشمەرگەکانم و هەموو بابەتەکان و هەواڵەکان کە دێن من ڕێک و پێک و بڵاویان دەکەمەوە ، بە داخەوە بەشێکی زۆری وەختم بە چاک کردنی هەڵە لە نووسینی هەواڵ و بابەت دەکوژڕیت و زۆر بابەت و هەوالێش بە هۆی هەڵەی زۆر بڵاو ناکرێنەوە ، زۆرم هەوڵ داوە کە ڕینوێنی زۆر کەس بکەم و هێندەک بە قسەیان کردووم و هەڵەکانیان چاک کردووە و هێندەکیش بە هۆی ئەوەی کە پێیان وا بووە ئەوان هەڵەیان نیە و منم کە کوردی نازانم و من بۆ ئەوەی بابەتەکە بڵاو نەکەمەوە بەهانەیان پێ دەگرم گوێیان پێ نەداوم.

من لێرەدا دەم هەوێ چەند ڕێنوێنی پێشکەش بە دۆستان بکەم و بۆ ئەوەی ئەرکی ئێمە وەک بەڕیوەبەری سایت کەمتر بێتەوە و ئەوانیش لێمان دڵمەند نەبن ، ئەگەر بەڕێزەکیش پێشنیاری تری هەیە بۆم بنێرێت من لەم بابەتە دا جێگەی دەکەمەوە.

1. بابەت بە عەلی فۆنت بۆ سایت نابێت و هەر بابەتێک دەینێرن دەبێ بە فۆنتی یونیکورد بێت.

2. ژمارەی 1، 2 .. ی عەرەبی لە نێو نووسین دا لە سایت کێشەی هەیە و تکایە ژمارەی لاتینی بەکار بهێنن (مەبەستم سایتی سایتی پێشمەرگەکانە هێندەک سایت ئەم کێشەیان نیە)

3. تکایە بۆ دانی فاسیلە یان خەت گۆرین **ENTER** بەکار بێنن و بە دوگمەی فاسیلە دانان خەت مەگۆڕن.

4. کاتێک دەتان هەوێ بۆ نموونە وشەیەکی لاتینی بخەنە ناو بابەتەکە ، هەر کەیبوردەکە بگۆڕن نەک ئەوە کە بچن جەهەتی هەموو بابەتەکە بەرن بۆ چەپ، نابێ بەشێک لە بابەت کە کوردی سۆرانیە لە راستەوە بنووسرێ و بەشەکەی تر

کە زۆر جار ناوێکە کە لاتینیە و لە ناو هەمان بابەت یان دێر دایە لە راست بنووسرێت.

5. ناوی بابەت کە خەزن (زەبت) دەکەن لە پی سی و دواتر دەینێرن بۆ ئێمە بە پیتی لاتینی بێت نەک بە پیتی سۆرانی( عەرەبی) کە ئێمە نازانین چیە بۆمان هاتووە واتە دەبێ ئێمە کە سەردێرمان دیت بزانین ئەمە چیە هاتووە بۆمان، راگەیندراوە، ئاگاداریە و یان بابەت لە سەر کێشەی کوردە.

6. هەواڵ و بابەت ئەگەر کورتە و کتێب نیە بە پ د ف مەی نێرن یان ئەگەر دەشی نێرن بە وۆردیش بینێرن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بریار بدەین کە کامیان دا بنێین.

7. ناردنی ئاگاداری بە وێنە (پۆستێر) بۆ سایت بە گەورەترین فۆرمات دەنێردرێ، لای خۆشیان کە بیکەنەوە لە شاشەی پی سی جێگەی نابێتەوە، زۆریش بەپەلەن کە زوو بڵاو بکرێتەوە، پێشنیارم ئەوەیە ئەو بەڕیزانەی ئاگاداری دەنێرن بە پۆستێر بەرینی ئاگاداریەکە لە 500 خاڵ زۆرتر نەبێت، یانی بتوانرێ تێکستەکە لە بەرینی 500 خاڵی دا بۆ خوێنەر بخوێندرێتەوە.

8. ئەوەی کە ئەو ماوەیە منی زۆر ماندوو کردوە ئەوەیە کە بەشیک لە دۆستان هەر بە کەی بووردی کۆن دەنووسن و لە نێو وشەکاندا فاسیلە دا ئەنێن ، بۆ نموونە دەنوسن "کەمایەتی" کە ئەمە یەک وشە و نابێ فاسیلەی تێ بخرێت بەڵام دۆستان بەم جۆرە دەی نووسن **"کە ما یە تی "** لێرەدا وشەی "کەمایەتی" کراوە بە چوار وشە و زۆر هاوڕێش هەیە چوار لاپەرە بابەت دەنێرێ کە هەموو وشەکانی کە بە " ە " کۆتایی دێت فاسیلەی تێدەخات و کە پێشی دەڵێی و رەخنەی لێ دەگری ، لە وڵام دا دەڵێ: لای تۆ وایە دەنا لای فلان سایتە وا نیە و واتە خەتاباریشت دەکات.

9. زۆر هاوڕێش هەن کە لە ئەندازەی نۆرماڵ زیادتر **ENTER**بەکار دەبەن و فاسیلەی خەتەکان لە نۆرماڵ زیادتر دەبێت ، یان دۆستان بۆ خۆی خەتەکان دەگۆڕێت و ئیزن نادا خەتەکە خۆی بە شیوەی نۆرماڵی خۆی بگۆڕدرێت.

لەم نمونەی خوارێدا ئەو هەڵانەی تێدایە کە من لە خاڵەکانی 7و 8 دا ئیشارەم پێ کردون، بەداخەوە زۆر لە دۆستان ئەم کێشەیەیان هەیە و هیوادارم چاکی بکەن.







ئەو بەڕێزانەی کە هەر بە کەی بوردی کۆن کار دەکەن و کێشەیان لە گەڵ " ە" هەیە کە پێوە دەنووسێت و بۆ نووسینی "ە" پیتی **"H"** دا دەگرن بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر کرێت دەبێ **"H"** جارێک **بێ داگرتنی دوگمەی شیفت** و جارێکی تر **دوگمەی شیفت و** "H" لێ بدەن.

بەڵام ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە کە سەردانی ماڵپەری کورد ئی تێ گروپ **http://www.kurditgroup.org** بکەن و لەوێ سپۆرتی زمانی کوردی جارێک تر وەر بگرنەوە.

ئەم وێنەیەی خوارێ کەی بوردی نوێیە، تکایە چاوی لێ بکەن کە پیتی " ە" لە ژێر **"E"** دایە و پیتی **"هـ"** لە ژێر **"H"** دایە واتە دۆستانی کورد ئی تێ گروپ ئەم کێشەیان چارەسەر کردوە و بۆیە دەبێ لێرەوە سوپاسیان لێ بکرێت کە بەراست زۆر خزمەت دەکەن. ئەگەر هی بەڕێزت شوێنی پیتەکانی وەک ئەمە نیە بچوو بۆ سایتی لە سایتی کورد ئی تێ گروپ بەشی داگرتن پرۆگرامی سەپۆرتی زمانی کوردی بۆ ویندۆز (داگرتن: **unikurdweb.exe**) داگرە و ئینستالی ناو پی سی یەکەی خۆتی بکە.




هیوادارم سودی بێت و منیش و زۆر وێبماستری سایتی تریش لەم کێشەیە ڕەزگاریان بێت. دیارەی ئەمەی من نووسیومە زۆر کەمە بۆ ئەوەی کێشەکان بە تەواوی چارەسەر کات .

ساڵە نەڵۆسی
12-08-2007
ئیمایل : nalosi@gmail.com

سایت : www.peshmergekan.eu یان www.peshmergekan.com